# سوعبەت

## لەگەڵ بڵاوکراوەکانا

**کوردستان راپۆرت:** جۆ بایدن بە هەولێرو کورد سەرسامە

**سیخوڕمە:** ئافەرم جۆ

**خەبات:** مەیموون لە ئادەمیزادەوە هاتووە نەك بە پێچەوانەوە

**سیخوڕمە:** دەی خۆشیی لەخۆت

**گوڵان:** یاری کۆنکان لە کۆنگرێسی ئەمریکا

**سیخوڕمە:** تا ئەگاتە لای ئێمە ئەبێ بە باوێشك

**کوردستانی نوێ:** کەناڵە درۆزنەکان

**سیخوڕمە:** لە تەنیشت کەناڵە دزەکانەوەن

**هەفتانە:** ئەوانەی بەدوای خۆیاندا دەگەڕێن

**سیخوڕمە:** خەلك ئەیاندۆزێتەوە

**کۆمەڵ:** لە ماڵئاواییو پێشوازی بەرپرساندا

**سیخوڕمە:** حزبە ماستاوچییەکە هەموو قاچی بوو بە تلۆق

**ئاڵای ئازادی:** ئەنجومەنی وەزیران لە ژێر ئاودا کۆ دەبێتەوە

**سیخوڕمە:** موشکیلە نیە. هەر خوا بکات لەسەرئاو قەرار دەرنەکات قەیناکە

**خەبات:** گرنگیی ئەخلاق لە راگەیاندندا

**سیخوڕمە:** مساوی یە بە گرنگیی ویژدان لە تیجارەتا

**هەواڵ:** ئەدەبەکەمان بەرەو کوێ دەڕوات؟

**سیخوڕمە:** بێ ئەدەبیی نەبێ کام ئەدەب؟!

**خەبات:** رێگای کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

**سیخوڕمە:** قیرتاو نیە تەکەتول ڕێژە

**شەقام:** مەحمود عوسمان: وەزنی کورد لە بەغدا زۆر کەم بووە

**سیخوڕمە:** قەیناکە کردوێتی بە باڵا

**کوردستان راپۆرت:** ئەگەر حکومەت باوك بێت

**سیخوڕمە:** ئێمە هەمووومان هەتیوین

**کوردستانی نوێ:** 300لایەنگری گۆڕان گەڕانەوە ناو یەکێتی

**سیخوڕمە:** مایەوە چەند؟

**ئاوێنە:** یەکێتیو پارتی لەسەر دانانی بەڕێوەبەری پۆلیسێك رێك ناکەون

**سیخوڕمە:** چونکێکم ئیتیفاقە ستراتیجییەکەیان گریسی ئی براوە

**هاوڵاتی:** مریشکی بیانی جێگەی متمانە نیە

**سیخوڕمە:** نوسراوی سەر کەڵەشێرێکی نەتەوەیی

**خێزان:** بۆچی پیاوان کەمتر قسە ئەکەن؟

**سیخوڕمە:** مەعلومە جەناب. ژنان مەجالیان نادەن

**کوردستانی نوێ:** فەوزای ریکلام لە سلێمانی

**سیخوڕمە:** ناگاتە روبعی فەوزا ئیدارییەکە

**یەکگرتوو:** پێچەکانی سیاسەتو شۆفێرەکانی ئێمە

**سیخوڕمە:** عالەمیان لەناو برد

**خەبات:** هەولێر ئاسیاو ئەوروپا بەیەکەوە دەبەستێتەوە

**سیخوڕمە:** ئیتر ئەستەموڵ هینخۆری کوێیە

**بەدرخان:** سەیرو سەمەرەکانی سیاسەتی کوردی

**سیخوڕمە:** لە ئەخبارا ببینە

**هاوڵاتی:** خوێندن لە سەردەمی ئەنفلۆنزادا

**سیخوڕمە:** ناوی رۆمانە تازەکەی وەزیری پەروەردەیە

**کوردستانی نوێ:** هەڵەبجە تاپۆ دەکرێت

**سیخوڕمە:** لەسەر چەند هەڤاڵ؟

**چاودێر:** فڕکان فڕکانی بەر مەکتەبی کچان دەستپێدەکاتەوە

**سیخوڕمە:** هی بەردەم ماڵە مەسئولەکانیش

**خەبات:** شاجوانی سەنگافورە دزە

**سیخوڕمە:** دەی خۆزگە دزەکانی ئێرەش شاجوان بوونایە

**کوردستانی نوێ:** بوتلی غاز نامێنێ

**سیخوڕمە:** ئەی تەکەتول؟

**خەبات:** چۆن بەدوای ئاودا بگەڕێین؟

**سیخوڕمە:** بە سواری بەلەم

**کوردستان راپۆرت:** جیاکردنەوەی ئابووری لە سیاسەت

**سیخوڕمە:** کۆنترین نوکتەیە

**هەفتانە:** کورد بەدوای سینەمادا دەگەڕێت

**سیخوڕمە:** یەعنی چی؟! ئەی خۆی سینەما نیە؟!

**کوردستان راپۆرت:** رووە جوانەکەی حزب

**سیخوڕمە:** تا ئێستا کەس نەیدیوە

**هەولێر:** دۆزینەوەی دایناسۆری باڵدار

**سیخوڕمە:** لە چ وەزارەتێکا؟!

ئاشتی هەورامی پرسیار باران کرا -هاوڵاتی-

